**را دێو NRK . Altid nyheter ,P2. نه رویجی  و په نابه رانی کورد.**

رۆژی 11.09.2004 رادێۆ سه رتاسه ری نه رویجی ئانارکو ،
راپۆرتێکی له سه ر وه زعی په نابه رانی رۆژهه ڵاتی کوردستان
له شاره کانی عێراق و کوردستان بڵاو کرده وه .
هه روه ها بۆ زانیاری زیاتر له سه ر ئه و په نابه رانه وتووێژیان
له گه ڵ عارف باوه جانی که بۆ خۆی له هاوینی ئه م ساڵدا بۆ پرۆژه
یه کی تایبه تی بۆ ئاواره کانی شێره وه ن  سه ردانی ئۆردوگاکانی
کردبوو ، هه روه ها له گه ڵ خانمی به یاته سیداڵ سه رۆکی
رێکخراوی نۆرویجی بۆ پشتیوانی له کورده کان و به ر
پرسی به شی رۆژهه ڵاتی ئه مینیستی ئینته ر ناشیوناڵ
پێك هێنا،
ڵه و وتووێژه دا عارف باوه جانی باسی هه ل و مه رجی ئاواره کان
که ئیستا له ئه ڵتاشن ورۆژانه  له لایان عه ره به کانه وه لێیان
ده کوژرێت و ئه وانه ش که له شوێنه جیاوازه کانی باشووری
کوردستان ده ژین بۆ کردن.
هه روه ها له وڵامی پرسیاری به ڕێوه به ری ئه و پرۆگرامه دا،
هه واڵی ناردنی کورده ئاواره کانی بن ده ستی ئێران  بۆ شاری
 که رکوك به درۆ خسته وه و رایگه یاند که ئه وه هیچ ڕاست نی یه
و ته نیا پروپاگه نده ی کاناڵه شۆفینیستی یه  عه ره بی یه کانه که
هه میشه دژی کورد بڵاوی ده که نه وه . هه روه ها به درێژی
باسی کێشه ی ئاواره کانی  که رکوکی کرد.
باسی ئه وه ی کرد که کورده کانی که رکوك دوای 30 ساڵ له خاك
و زێدی خۆیان به زۆر له لایان به عسه وه وه ده رنراون،که چی
ئیستاش ئه و کاناڵه عه ره بیانه که درێژه ده ری رێگای به عسی
رووخاون چاویان به وه دانایه ت که کورده کان بگه رێنه وه شوێنی
خۆیان و هه واڵی درۆیان له سه ر بڵاو ده که نه وه .
له نێو ئاخنی به رنامه کاندا په یتا په یتا ئاخاوتنی ئاواره کانی
بڵاو ده کرده وه که له فیلمێکی تایبه تی له لایان عارف
باوه جانی بۆ رادێو ته له فزیوێنی ئانارکو هێنراوبوو.
خانمی به یاته سیداڵیش باسی کێشه ی ئاواره کانی بن
ده ستی ئێران و ئاوره کانی که رکووکی زۆر به باشی  کرد ،